# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

| ژمارە (٦١) | ٢٠٢٤ |

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

• ژمارە (٦١) • ٢٠٢٤ •



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر:

پ.د. کاروان عومەر قادر

بەڕێوەبەری نووسین:

د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:

- پ.د. قەیس کاکل تۆفیق
- پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر
- پ.د. بەختیار سەجادی
- پ.د. فەرهاد قادر کەریم
- پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف
- پ.ی.د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
- د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاویژکاران:-

- پ.د. میشێل لیزەنبێرگ
- پ.د. مارتن ڤان برونسن
- پ.د. جەلیلی جەلیل
- پ.د. ساڵح ئاکین
- پ.د. جەعفەر شێخولئیسلامی
- پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك
- پ.د. هاشم ئەحمەدزادە



http;//gov.krd/ka ISSN: 2520-4106 هەولێر - شەقامی هەڵەبجە

# زمانی شیعری نوێ لە دنیابینیی ئەدۆنیس و سەباح ڕەنجدەردا

م. ی. سابیر حسێن ڕەسووڵ
کۆلێژی ددان/زانکۆی پزیشکی
saberhusen2009@yahoo.com

پ. د. عەبدوڵا ئاگرین
کۆلێری زمان/زانکۆ سەڵاحەدین
Eabdallahangrin@yahoo.com

**پوختە:**
مەبەست لە دەستەواژەی زمان لەم توێژینەوەیەدا هونەری داڕشتنی دەقەکەیە، نەک دەستەواژە فەرهەنگییەکەی. بەو مانایەی زمانی دەقی شیعری دەبێ جیاواز بێت لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە، هەروەها بەکارهێنانی دەستەواژەی خاوەن ئیدیۆمی تایبەت و بەکارهێنانی ڕستەی سەرنجڕاکێشی پڕ لە ئەندێشەی هونەری بێت. لە لای هەردوو شاعیر "سەباح ڕەنجدەر و ئەدۆنیس" زمان لە شیعردا وەک کەرەستەیەک لە بواری گێڕانەوە و وێنەکاری و دانووساندنی شیعری و ستاتیکا بەکار دێ، هەروەها بۆ بەرجەستەکردنی بیری شاعیر لە نێو دەقەکەیدا بەکار هاتووە، ئەمەش لە خۆیدا ئەو سەلیقەمان پیشان دەدات کە هەردوو شاعیر بەرامبەر زمان و شیعر هەیانبووە.
هەر بەم شێوەیە بەهاکانی زمان لە نێو شیعردا بەرجەستە دەبێت.
توێژینەوەکە "تیۆرییە" و بریتییە لە دوو تەوەر: لە تەوەری یەکەمدا هەڵوەستە لە سەر زمانی شیعری بە شێوەیەکی گشتی دەکەین و بیروبۆچوونی شارەزایانی زمان دەخەینە ڕوو. لە تەوەری دووەمی توێژینەوەکەماندا دنیابینیی شیعری نوێ لە تێڕوانینی ئەدۆنیس و سەباح ڕەنجدەردا شی دەکەینەوە.

کلیلەوشە: زمان، دیدگا، ئەدۆنیس، دەقی شیعری، سەباح ڕەنجدەر

## پێشەکی

زمانـــی شـــیعری کردەیـــەکی تایبەتـــی نووســـینە. هەوڵـــی دروســـتکردنی کـــەشی واقیعێـــکی نوێـــی شـــیعری دەدات کـــە خـــۆی ڕادەســـتی واقیعـــی ئێســـتای بـــاوی زمـــان نـــاکات، واتـــە نوێبوونـــەوەی زمـــان ئارەزوویـــەکی خودییـــە بـــۆ زمانـــی شـــیعر، ئـــەو زمانـــەی لـــە لایـــەن شـــاعیرەوە ڕەواجـــی پـــێ دەدرێ، ڕۆڵێـــکی بـــاڵا دەگێـــڕێ لـــە بەرجەســـتەکردنی پرســـە مەعریفـــی و فیکـــری و ئافراندنـــەکان لـــە ســـەر ئاســـتی ڕوخســـار و ناوەڕۆکـــی شـــیعر، بـــە جۆرێـــک "وەرگـــر" (متلقـــی) لـــە ســـەر ئـــەوە ڕادەهێنـــێ لـــە زمانـــی شـــاعیرەوە بـــەدوای شـــتی نوێـــدا بگـــەڕێ. ســـەباح ڕەنجـــدەر یەکێکـــە لـــە شـــاعیرە نوێخوازەکانـــی جیهانـــی شـــیعری هاوچەرخـــی کـــوردی و چەنـــد دەیەیەکـــە شـــیعر دەنووســـێت، هەمیشـــە لـــە ڕێگـــەی زمانـــەوە هەوڵـــی خۆنوێکردنـــەوە دەدات. یەکـــەم کۆمەڵەشـــیعری بـــە نـــاوی "زێـــوان" لـــە ســـاڵی ١٩٨٩دا چـــاپ کـــردووە. دەتوانـــم بڵێـــم خـــاوەن شـــێوازی شـــیعریی تایبەتـــی خۆیەتـــی، بـــە پێـــی ڕۆژگار توانیویەتـــی پێگەیەکـــی شـــیعریی تایبـــەت بـــە خـــۆی دروســـت بـــکات. پێکهاتـــەی ئـــەم توێژینەوەیـــە کـــە وا بـــە ناونیشـــانی "زمانـــی شـــیعری نـــوێ لـــە دنیابینیـــی ئەدۆنیـــس و ســـەباح ڕەنجدەردا"یـــە، خوێندنەوەیەکـــی وەســـفیی گشـــتییە بـــۆ تێڕوانینـــە جیـــاوازەکان. بریتییـــە لـــە پێشـــەکی و دوو تـــەوەرە و ئەنجـــام و لیســـتی ســـەرچاوەکان، لەگـــەڵ کورتەباســـێکی لێکۆڵینەوەکـــە بـــە هـــەردوو زمانـــی عەرەبـــی و ئینگلیـــزی ئامـــادە کـــراوە. لـــەم توێژینەوەیـــەدا هـــەوڵ دەدەیـــن تێڕوانیـــن و بۆچوونەکانیـــان لـــە بـــارەی دنیابینیـــی تایبەتـــی شـــیعر و شـــاعیر بخەینـــە ڕوو. لـــە تـــەوەرەی یەکەمـــدا هەڵوەســـتە لـــە ســـەر زمانـــی شـــیعری بـــە شـــێوەیەکی گشـــتی دەکەیـــن و بیروبۆچوونـــی شـــارەزایانی زمـــان دەخەینـــە ڕوو.

لـــە تـــەوەرەی دووەمـــی توێژینەوەکەمانـــدا دنیابینیـــی شـــیعری نـــوێ لـــە تێڕوانینـــی ئەدۆنیـــس و ســـەباح ڕەنجـــدەردا شـــی دەکەینـــەوە.

## تـەوەرەی یەکـەم: دەربـارەی زمانـی شـیعری و زمـانی شـیعری لای سـەباح ڕەنجـدەر

دەربـــارەی زمانـــی شـــیعری، جـــۆن کۆهیـــن دووپاتـــی ئـــەوە دەکاتـــەوە "چوونـــە نـــاو جیهانـــی شـــیعری لـــە ڕێگـــەی زمانـــەوە؛ نزیکتریـــن دەروازەیـــە بـــۆ گەیشـــتن بـــە جەوهـــەر و ماهیەتـــی شـــیعر" ( کوهیـــن، ٢٠٠٠، ل٢٢)، بـــەو مانایـــەی نـــاوەڕۆک و نهێنیـــی شـــیعر لـــە زمانـــدا خـــۆی مـــەڵاس داوە. بـــەو مانایـــەش بێـــت "زمانـــی شـــیعری ڕۆڵـــی کاریگـــەری خـــۆی هەیـــە، چونکـــە ئامانجـــی ســـەرەکیی زمانـــی شـــیعر؛ گەیاندنـــی بابەتـــی (Theme)شـیعرە، لـەم هەڵوێسـتەدا شـیعر نـەک ئـاکام، بگـرە ڕێگاشـە، ئەگـەر وەک مەبەسـت مامەڵـە لەگـەڵ شـیعر کـرا" (مەحمـــوود، ٢٠١٢، ل١٣٦).

ئـــەو پەیوەندییـــەی شـــاعیر بـــە زمانـــەوە دەبەســـتێتەوە، پەیوەندییەکـــە لـــە ســـەر بنەمـــای ململانـــێ بناغـــەی داکوتـــاوە، چونکـــە زۆر جـــار شـــاعیر وشـــە و دەســـتەواژەی زمانیـــی ئەوتـــۆی بـــۆ دەســـتەبەر نابـــێ کـــە بتوانـــێ لـــە میانیـــەوە گوزارشـــت لـــە هەســـت و ســـۆز و هەڵچـــوون و تەنانـــەت بیرکردنـــەوەکانی بـــکات. "زمانـــی شـــیعری وەکـــوو بنیاتێکـــی ســـەرەکی هەمیشـــە لای شـــاعیران وەکـــوو گرفتێکـــی گـــەورەی خۆیـــان ســـەیریان کـــردووە، بـــەردەوام گـــەڕاون بـــەدوای جوانتریـــن زمـــان کـــە جیـــاواز بێـــت لـــە زمانـــی پێشـــوویان و شـــیعریەتی پـــێ بخەنـــە نێـــو چوارچێوەیەکـــی هونەرییـــەوە" (حەوێـــزی، ٢٠١٩، ل٩١). بۆیـــە زۆر جـــار دەبینیـــن ئەگـــەر شـــاعیر ئـــەو زمانـــەی بـــۆ دەســـتەبەر بـــوو، ئـــەوە بـــە تـــەواوەتی لـــێ ڕازی نییـــە، چونکـــە ئـــەو گوزارشـــتەی ئـــەو دەیـــەوێ بیگەیەنێـــت؛ نەیتوانیـــوە وشـــە و دەســـتەواژەی زمانیـــی دەقاودەقـــی بـــۆ بدۆزێتـــەوە، چونکـــە زمـــانی شـــیعری وەک زمـــانی ئاســـایی و دەربڕینـــی مەئلـــوف نییـــە، بەڵکـــوو "زمـــان پێویســـتە دەســـەڵاتی بەســـەر مانـــای نـــاوەکی و مەعریفـــەی غەیبیـــدا بشـــکێ، واتـــە هـــەر ئامرازێـــک نییـــە تاوەکـــوو لـــە ڕێگەیـــەوە بەرژەوەندییـــەکانی ڕۆژانـــەی پـــێ ڕاپەڕێنـــێ" (مشـــلاف، ٢٠٠٠، ص١٩٠). بۆیـە ئـەم پرۆسـەیە پـاڵ بـە شـاعیرەوە دەنێـت بـەدوای زمـانی دیکـەدا (ئەلتەرناتیـڤ) بگـەڕێ، بـە جۆرێـک هەمـوو بنەمـاکانی زمـانی ئاسـایی تێـک بشـکێنێ و پشـت بـە ئافرانـدن ببەسـتێ و لـە لۆژیـکی خەیاڵـی زمانەکـەی هەڵێنجـێ کـە پڕیـەتی لـە مانـای

فرەڕەهەنـد، بـە مانایـەکی تـر: ئـەو زمانـە ناتوانـێ شانبەشـانی واقیـع ڕێگـە ببـڕێ، چونکـە "زمـانی فەرهەنگـی مانـاکانی سـنووردارن، هـەر چـی زمـانی شـیعرییە ڕۆحێکـی دیکـە بـە جەسـتە و مانـای وشـەکان دەبەخشـێ، واتـە مانـاکانی قووڵـتر و فراوانـتر دەکات. ئـەوەش لـە ڕێگـەی ئامـاژەدان نـەک ڕوونکردنـەوە، هەروەهـا لـە ڕێگـەی ناوەخنـی ڕۆحـی وشـە و دەسـتەواژەکان نـەک ڕوخسـار" ( تاویـرت، ٢٠٠٩، ص٨٦). بـە گشـتی ئـەو تایبەتمەندییـەی لـە شـیعری نوێـدا بەرجەسـتەیە؛ بـۆ زمانەکـەی دەگەڕێتـەوە، کـە ڕۆڵـی سـەرەکی و بونیادنـەر لـە خوڵقانـدنی وێنـەی شـیعری دەگێـڕێ، ئـەوەش دەرخـەری بەهێزیـی موفرەداتەکانیـەتی، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت کـە چوونـە نـاو جیهانـی شـیعر لـە ڕێگـەی زمانـەوە نزیکتریـن دەروازەیـە بـۆ گەیشـتن بـە ماهیەتـی خـودی دەقـە شـعرییەکە. هـەر لـە ڕێگـەی زمانـەوە شـاعیر هەسـت و بیـرەکانی خـۆی لـە سیسـتمێکی زمانیـی نـوێ دەخاتـە ڕوو، واتـە دەسـتەواژەیەکی نـوێ و جیـاواز لـەو دەسـتەواژە لۆژیکییانـەی بـاو بـوون لـە دەقەکانیـدا تەوزیـف دەکات. بـە جۆرێـک خوێنـەری ئاسـایی ڕەنگـە دەربڕینـی وشـەکانی بـە لاوە قبـووڵ نەبـێ، چونکـە "دووره لـە لۆژیـکی بـاوی زمانی واقیعـی، لەبـەر ئـەوەی پێشـتر شـتی وا بـەکار نەهاتـوو، واتـە ڕیزبەندیـی وشـە و دەسـتەواژەکان چاوەڕواننەکـراو بـوون" (اسـماعیل، ١٩٧٨، ص٦٥). گوتـاری شـیعرییش لـە ناوەرۆکـدا گەمەیـەکی زمانەوانییـە و پڕیـەتی لـە مانـا و ڕەهەنـدی جۆراوجـۆر، بـە پێچەوانـەی زمـانی فەرهەنگـی کـە وشـە ڕەسـەنەکە لـە خـۆی کـۆ دەکاتـەوە و ڕەهەنـدی ماناکانیشـی سـنووردارن.

بۆیـە شـاعیر زیاتـر لـە دەرەوەی ئـەو بازنەدایـە، چونکـە هەمیشـە بـەدوای مانـای نـوێ و ئامـاژەی فرەڕەهەندیـدا دەگـەڕێ. ئـەو لـە جیهانێـکی بێکۆتایی واتـاکان و مەبەسـتەکانی خـۆی دەخاتـە ڕوو، ئـەوەشی بـۆ نایەتـە دی تەنهـا لـە دنیـای شـیعردا نەبـێ. "ئـەم زمانـەش یەکـەم دوژمنـی شـاعیرە، لـە هەمـان کاتـدا زمـانی ئامـرازی بەردەسـتیەتی. هـەر کارێـکی شـیعرییش لـە وێنـەی بەرجەسـتەکراوی هەسـتپێکراو بـە ئـاکام گەیشـت، ئـەوە لـە دەرئەنجامـی ململانێـی توندی نێـوان شـاعیر و زمانـەوە خوڵقـاوە" (اسـماعیل، ١٩٧٨، ص٦٥-٦٦). لـەم جـۆرە ململانێیەشـدا زمـان لەسـەریەتی خـۆی نـوێ بکاتـەوە و مانـا و ئامـاژەکانی خـۆی نـوێ بکاتـەوە، تاوەکـوو شـیعریەت بـە وشـەکان ببەخشـێ. شـیعریش بـە سروشـتی خـۆی جۆرێکـە لـە ئەفرانـدن، کـە لـە خـودەوە سـەرچاوە دەگـرێ و لـە زمانیشـدا دەگاتـە لوتکـە.

زمـانی شـیعر توانـای ڕەهـای هەیـە بـۆ نوێکردنـەوەی بونیـادی خـۆی، کـە پەیوەسـتە بـە یاسـای شرۆڤـەکاری یـان وەک "جـۆن کۆهیـن" بـە زمـانی بـاڵا گوزارشـتی لـێ دەکات. "شـیعر لادانـە (انزیـاح) لـە هاوکێشـەی یاسـای زمـان، ئـەو لادانـەش تێکـدەر نییـە، بەڵکـوو مەحکومـی یاسایەکە کـە وای لـێ دەکات لـە ئاسایی جیـاواز بێـت. ئەگـەر لادانیـش یاسـای زمـانی لـە کاتێـکی نادیـاردا بـڕی، ئـەوە تەنهـا لـەو بازدانـە ناوەسـتێ، بەڵکـوو لـە کاتێـکی دیکـەدا دەگەڕێتـەوە تاوەکـوو گونجـان بـۆ قسـەکردن بگێڕێتـەوە. هـاوکات ئـەم لادانـەش بـۆ زمـان مانـای ئـەوە نییـە کـە بـازدان نییـە بەسـەر یاسـای زمـان و لاسـاییکردنەوەی ڕەوانبێـژی، بەڵکـوو مانـای پشتبەسـتنە بـە شرۆڤـەکاری و بەکارهێنـانی شـێوازی زمـانی ئەوتـۆ کـە هەمـوو سـنوورێکی مانـا ناکۆکـەکان تێـک بشـکێنێ و بەیەکـەوە کۆیـان بکاتـەوە" (جـون کوهیـن، ١٩٨٥، ص٤٩). بـەو مانایـەش بێـت، شـاعیر زمانێـک لـە نـاو زمانێـکی دیکـەدا دادەمەزرێنـێ و تەیـاری دەکات بـە جۆرەهـا واتـای مانـاداری نـوێ، چونکـە شـاعیر بـەدوای دنیابینیـی تایبـەت بـە خـۆی کەوتـووە، بۆیـە بـەدوای زمانێـکی دیکـەدا دەگـەڕێ جیـا لـەو زمانـەی خـۆی ڕۆژانـە بـە سروشـتی بـەکاری دەهێنێـت. جـۆن کۆهیـن پێـی وایـە "هێنانەدیـی ئـەم زمانـە لای شـاعیر پەیوەسـتە بـە بەزانـدنی سـنووری زمـان و دەرچـوون لـە ڕێسـا و یاسـاکانی، ئـەوەش بـە مەبەسـتی دروسـتکردنی زمـانی بـاڵا کـە دەکەوێتـە ژێـر هەژمـوونی لادانی (انزیـاح) بێسـنوور، ئەویـش لـە سـەر لۆژیـکی زمانەوانیـی بەکارهاتـوو دامـەزراوە" (المعتـوق، ٢٠٠٦، ص٢٧).

زمـانی شـیعریی بـاڵا کلیلـی ئافراندنـەکانی شـاعیرە، ئـەوەش لـەو ڕوانگـەوەی کۆمەڵێـک ڕەمـزی فیکـری بـە نـاوەڕۆکی خۆیـەوە دەگـرێ کـە گوزارشـت لـە هەڵچـوون و دنیابینیـی شـاعیرەکە دەکات. جیهـانی دنیابینیـی شـاعیریش لـە سـەر زمـان دامـەزراوە: "ئـەو ڕەمزانـە وێنـە لـە زیهنـی دەورووژێنـێ، وێنـەش مـرۆڤ لـە دەرەوە وەریدەگـرێ، یـان لـە نێـو قەرەباڵغیـی ڕەگـەزەکانی

دەرەکی دروستی دەکات، وشەکانیش لەو میانە لە پێکهاتەیەکی ستاتیکی دروست دەبن کە خودان وزەیەکی ئینفیعالیی ورووژێنەرە، بەم جۆرەش زمان لە شیعردا وەک ئامراز بۆ ئاماژەدان دەخرێتە کار، نەک ئامرازێک بۆ گواستنەوەی مانای دیاریکراو. کەواتە زمانی شیعری ڕەمزە بۆ جیهان، وەک چۆن شاعیر پێشبینی دەکات، هەروەها ڕەمزە بۆ جیهانی دەروونیی شاعیر. کەواتە زمانی شیعر زمانێکی خواستراوی هەڵچوونییە" (تاویرت، ٢٠٠٩، ص٨٣).

ئەم زمانەش پێویستی بە ئاشکراکردن و ڕۆچوون هەیە، تاوەکوو شانبەشانی تەمومژ و ئاماژە گوزارشتکارییەکانی پەیوەست بە دۆخە دەروونییەکان و هەستەوەری ئەزموونی شیعریی شاعیران ڕێگە ببڕێت. تەنانەت هەموو وزە گوزارشتکەرەکانی و هەموو ئاماژە شیعرییەکانی ڕەنگدانەوەی واقیعن، ڕێگەشی بۆ دەکاتەوە، تاوەکوو لە قووڵایی دەروون و خەیاڵ و فیکری ئاشکرا بکات. واتە زمان لە شیعردا دیاردەیەکە و پێویستی بەوەیە بەو شێوەیە تەماشای بکرێت کە خودان وشە و دەستەواژەی بێسنوورە. بە گشتی وشە مانای ڕەسەنی خۆی بەرەو مانای فراوانتر و قووڵتر دەبەزێنی، زمانیش بەو ڕەهەند و سیحرەی بە ناوەرۆکی خۆیەوەی دەگرێ، شاعیر دەتوانێ بەو هۆیەوە گوزارشت لەو ڕاز و نیازانە بکات کە لە ناخیدا پەنگیان خواردووەتەوە. بۆیە لای زۆربەی شاعیران و تەنانەت ڕەخنەگرانی ئەدەبی، ئەوە دووپات کراوەتەوە "زمانی شیعر؛ زمانی ئاماژەیە، لە کاتێکدا زمانی ئاسایی زمانی گوزارشتکەرە، شیعر وا لە زمان دەکات شتێک بڵێین کە فێر نەکراوین بیڵێین. لەو ڕوانگەشەوە زمانی شیعری هەموو ئەو شتانەیە کە باڵا و بەرز و قوتووکراو نین لە قاوغێکی بەکارهاتوودا" (کوهین، ١٩٨٥، ص٢٤).

شیعر زمانی خۆی بۆ خۆی دروست دەکات و تێک دەشکێنێ و سەرلەنوێ ڕێکی دەخاتەوە و سیستمی زمانی ڕەنگرێژ دەکات. جیاواز لەو زمانەی هەموو پێی ئاشناین و ماناکانی دەناسینەوە، "زمانی شیعری لە حەقیقەتی خۆیدا تەنها لادانە (انزياح) لە زمانی پەخشان، بەو مانایەی زمانی پەخشان وا گوزارشت دەکرێ کە زمانی سفرە لە نووسیندا" (کوهین،٢٠٠٠، ص٣٥). شاعیریش پەرە بە زمان دەدات و مانای نوێ بە شتەکان دەبەخشێ و لەو ڕێگەیەوە توانا و دەسەڵاتی دنیابینیی خۆی دەخاتە ڕوو، بە جۆرێک وشە لای شاعیر لە مانای فەرهەنگی و ڕاستەقینەی خۆی دوور دەکەوێتەوە و زمانێکی شیعریی خودان ڕەونەقی فرواتای لێ دروست دەکات.

زمانی ئاسایی ناتوانێ مانای شاراوە بە خۆیەوە بگرێ، واتە ناتوانێ گوزارشتکەری فراوانی دنیابینیی شاعیر بێت، لە کاتێکدا شاعیر بە حوکمی ئەزموونی شیعریی خۆی پەل بۆ تەمومژ و ئەو دیوی مانا شاراوەکان دەهاوێژێ، ئیدی زمانی ئاسایی چۆن لە بارتەقای دایە گوزارشتکەری فەزای ناوەخن و بێسنوورەکان بێت. "هەموو شاعیرێک توانای ئەوەی هەیە دەستکاریی زمانی باو و ئاسایی بکات، لە پێناو بەرهەمهێنانی زمانێکی باڵا لە دەقەکانیدا" (ئەمین، ٢٠١٩، ل٢٧٨). هەر ئەوەش نهێنیی شیعر لەخۆی دەگرێ، واتە تایبەتمەندیی دەربڕینی شیعری ڕوون دەکاتەوە لە جیهانێکدا کە زمانی ئاسایی لە بەرامبەریدا دەستەوەستان دەمێنێتەوە. بە گشتی ئەوەی مانای سنووردارە ئەوە زمانی خەڵکە، بەڵام زمانی شیعری ڕۆحی وشەکانە دێنە ئاخاوتن، چونکە زمان لە قاڵبی شیعردا جیهانی ناوەوەی شاعیر لەئامێز دەگرێ، واتە جیهانی "نەبینراو" (لامەرئی)، بە پێچەوانەشەوە زمانی ئاسایی لەگەڵ جیهانی "بینراو" (مەرئی) ڕووکەشی مامەڵە دەکات، بۆیە لەگەڵ گۆڕانکاریی جیهاندا؛ زمانیش بەو ئاڕاستەیە دەگۆڕێ.

زمانی شیعری؛ زمانی ئاماژە و خودان ڕەهەندی هەمەلایەنەیە، بە جۆرێک بەردەوامی و زیندوویەتی بە گوتاری شیعری دەبەخشێ. لە لایەن خۆشیەوە شاعیری گەورەی عەرەب ئەدۆنیس پێی وایە "جوانی لە زمانی شیعریدا بۆ سیستمی ئەو وشە و پەیوەندییان بە یەکتریەوە لە لایەک و درووژان و ئەزموون لە لایەکی تر دەگەڕێتەوە، واتە پەیوەندیی بە یاسا و ڕێزمانەوە نییە، لەبەر ئەم هۆکارەش زمانی شیعری ماناکەی بە تەمومژی دەمێنێتەوە. واتە ئەوە گرنگ نییە تاوەکوو تاموچێژ لە شیعر وەربگرین، ئەوە پێویستە ماناکەشی ڕووکەش بێت بۆمان، چونکە ئەو زمانە شیعرییە خودان بونیاد و پێکهاتەیەکی تایبەت و دانسقەیە، زۆر دوورە لەو زمانەی کە خەڵکی "گشتی"

(عـەوام) ڕۆژانـە بـەکاری دەهێـنـن" (ادونیـس، ١٩٧٨، ل٢٣٢). بـە گوێـرەی ئـەوەی گوتـرا، زمـانی شـیعری باڵاتریـن شـێوازی زمانـە، شـاعیری داهێنەریـش ئـەو شـاعیرەیە کـە ڕۆحێـکی نـوێ بـە بـەر ئـەو زمانـەدا بـکات، بۆیـە مامەڵەکـردنی شـاعیر لەگـەڵ زمانـدا مامەڵەکردنـی جەربەزانەیـە، چونکـە ئیزافەیـەکی نـوێ بەسـەر مانـا و دەلالـەتی زمانەکـەدا دەهێنـێ و ئـەو زمانـە تەقلیدییـەی کـە هەبـوو؛ تێـک دەشـکێنێت. "زمـانی شـیعری زمانێـکی تایبەتـە، چونکـە بـە مانـا قووڵەکـەی موفرەداتـەکان لـە جیهـانی فەرهەنگـەوە دەباتـە جیهـانی سـیحر و داسـتانەوە، بـە جۆرێـک وشـەکان لـە نـاو خۆیانـەوە دەبنـە زینـدەوەری زینـدوو" (فاضل، ١٩٨٤، ص٢٧٧). ئەرکی شـاعیری داهێنەریـش تەقاندنـەوەی وشـە و دروسـتکردنی مانـای فرەڕەهەنـدە.

شـاعیری نـوێ بـەردەوام لـە گەشـت و گەڕاندایـە، هەمیشـە عەوداڵـی شـتی نوێیـە، پەیوەندیـی زۆر دروسـت دەکات و چـاوی بڕیوەتـە ئـەو شـتانەی نەبیینـراون و نەبیسـتوون، تاوەکـوو خـۆی شـتێکی نوێـی بـۆ داتاشـێ و وشـەیەکی نـوێ بداتـە واتایەکـی نـوێ. خـۆی دۆزەرەوە و خـۆی ناولێنـەری بێـت. واتـە سیسـتمەکان سـەرلەبەری بگـۆڕێ. ئـەو دەسـەڵاتەش تەنهـا لـە فـەزای زمانەکەیـدا بـۆی فەراهـەم دەبێـت. کەواتـە شـاعیری داهێنـەر پێویسـتە خـودان زمانێکـی تایبـەت بـە خـودی خـۆی بێـت و هـەر خۆیشـی پەیوەندیـی نێوان موفرەداتـەکان دروسـت بـکات، تاوەکـوو هـەر وشـەیەک زۆرتریـن مانـای نـوێ بـە ناوەڕۆکـی خۆیـەوە بگـرێ کـە پێشـتر جگـە لـە شـاعیر؛ کەسـی دیکـە پەیـی بـەو مانایانـە نەبردبێـت. واتـە هـەر خـودی شـاعیر سیسـتمێکی زمانیـی هەبـێ و موفرەداتـەکانی دابڕێژێتـەوە و مانـای نوێیـان پـێ ببەخشـن و وشـەی نـوێ و خـودان مانـای نـوێ لـە "سـکە" بـدات. "داهێنـانی شـاعیر بـۆ وشـە و شـێواز و سـیمبول و دروسـتکردنی پەیوەندیـی ئەکتیـڤ لـە نێوانیـان لەگـەڵ شـتی دیکـەی جێگیـر، ئەمـە وەک ڕەمزییـەکان دووپـاتی دەکەنـەوە پێکهێنـانی زمانێکـە لـە نـاو زمانێـکی دیکـەدا" (احمـد، ١٩٨٤، ص١٢٠).

ئـەم چەمکـە لـە لای سـەباح ڕەنجدەریـش زۆربـەی جـار دووپـات بووەتـەوە. واتـە سـەباح ڕەنجدەریـش لـە دەقـە شـیعرییەکانیدا گەمـە بـە وشـەکانی دەکات و چەنـد جارێـک لـە بێژینگیـان دەدات، تاوەکـوو خڵتەکـەی لـێ جیـا دەکاتـەوە و ڕەسـەنەکەی لـێ دەگیرێتـەوە، دواتـر مانایـەکی لـە دنیابینیـی شـیعری خـۆی پـێ دەبەخشـێ، واتـە ئەویـش لـە نـاو زمانێکـدا ڕۆح بـە بـەر زمانێـکی دیکـەدا دەکات. ئـەم داهێنانـەش پاڵپشـتە بـە ئەزمـوونی تایبەتـی شـاعیر لەگـەڵ ئـەو واقیعـەی تێدایـە...

بـە لای سـەباح ڕەنجـدەرەوە شـاعیر بـێ پێشـینەی فیکـری داهێنـەر نابـێ، واتـە "ئەگـەر دەربـارەی واقیعـی خـۆی شـارەزایی تـەواوی نەبـێ و پەنجەکانـی لەگـەڵ ڕووداوەکانـی نـەرم نەکردبێتـەوە، ئەسـتەمە بەرگـەی هەڵگرتنـی ئـەو قورسـاییە بگـرێ" (ڕەنجـدەر، ٢٠١٩، ل٤٣). زمـان لای سـەباح ڕەنجـدەر هەڵگـری هەسـت و سـۆز و موعانـاتی شـاعیر و دنیابینیـی خۆیـەتی بـۆ ئـەو واقیعـەی تێیـدا تواوەتـەوە. کەواتـە زمـانی شـیعری لای ڕەنجـدەر بنەمایـەکی سـەرەکییە بـۆ بەردەوامیـی هـەر شـاعیرێک، چونکـە زمانەکـە نەمـری بـە دەقـی شـیعری دەبەخشـێ. "بـۆ شـاعیری نوێبەخـش؛ وەرگرتنـی قووڵاییەکانی ژیـان زیندووبوونـەوەی زمانـە، زمانـی دۆزینـەوەش زمانێکـی یـەک ئاڕاسـتەیی نییـە. بـە پرسـیاری زۆرەوە لـە ئاسـتە هەمەچەشـنەکانی خـۆی دەکۆڵێتـەوە، قووڵاییـەکان هێـزی وشـە و ئەزموونـی تێـدا نووسـتووە. لـە دەربڕینـدا ئـەم هێـزە تاقـی دەکرێتـەوە و دێتـە نـاو پـڕۆژەی دۆزینـەوەوە لـەو چرکـە زینـدووەی مـرۆڤ خـۆی لـێ ئاشـکرا دەبێـت دەزانێـت کێیـە لـەم چرکـەدا. زمـان دەبێتـە هەسـت و سـۆز و مۆسـیقا و خـەون" (ڕەنجـدەر، ٢٠١٩، ل٦٣). بۆیـە دەبینیـن کـە ڕەنجـدەر لـە ڕێگـەی نووسـینەکانیەوە زمانێـکی شـیعریی تایبـەت بـە خـۆی دروسـت کـردووە، لـە ڕێگەیـەوە گوزارشـت لـە دنیابینیـی قووڵـی خـۆی دەکات بـۆ واقیـع و ژیـان بـە گشـتی، زمانێـکی زینـدووی خـودان مانـا، زمانێـکی ئەوتۆیـە کـە شـۆڕشی بەسـەر دەسـەڵاتی زمانـدا بەرپـا کـردووە، ئـەو زمانـەی دەستەوەسـتان ناوەسـتێ لـە شرۆڤەکـردنی ئـەو بوونەوەرانـەی سـەباح ڕەنجـدەر نـاوی لـێ نـاون و لـە زادەیـی ئەزمـوونی شـیعریی خۆیـەوە هەڵقـوڵاون. بـە ڕوخسـار هـەر هەمـان سـیاق و وشـە و دەسـتەواژەی فەرهەنگییـە، بـەڵام بـە نـاوەڕۆک ڕۆحێـکی دیکـە بـە ماناکان بەخشراوە و پەیوەندییـەکی نـوێ لـە نێـوان وشـەکاندا دروسـت بـوون.

زمانێک لە مەئلوفەوە بازی داوەتە سەر نامەئلوف، هەر بەو زمانەش شاعیر جیهانی ئەزموونی شیعریی خۆیمان بە حیکایەتی ڕەمزی بۆ دەگێڕێتەوە، وەک ئەوەی یەکەم جارە ئەم زمانە بەو مانایانەوە بکەوێتە بەر دیدی "وەرگر - خوێنەر". "پانتایی جیاکارم لە بەرهەمەکانمدا خوڵقاندووە، لە پانتاییەکدا دەستنیشان ناکرێم" (ڕەنجدەر، ٢٠١٩، ل٦٥). زمانی شیعر لە سیاقی ناوەوەی دەق مانای نوێتر بە دەقەکە دەبەخشێ، بە جۆرێک مانا باو و لۆژیکەکانی زمان تێک دەشکێنێ، چونکە زمانی شیعری زیاتر جەخت لە سەر ئەزموونی ناوەوەی دەق دەکاتەوە. واتە لەوێوە وشەی شیعری مانای نوێ دەبەخشێتە دەقەکە. بێگومان هەر شتێکی نوێ لە هەموو دنیادا لە سەرەتادا سەرکۆنە دەکرێت، چونکە ئەو شتە نوێیە دابڕانێک دروست دەکات. شاعیریش کاتێک شتێکی نوێ باس دەکات و بە زمان شێوازگەلی نوێ خۆی دەنوێنێت، لە هاوجیلەکانی خۆی جیاواز دەردەکەوێت. ئەگەر هات و لەو جیاوازییە خاوەنی تایبەتمەندی و کەرەستەی زمانیی خۆی بێ، واتە لاساییکەرەوە نەبێ، ئەوکات خۆی بۆ خۆی دەناسرێ، ئەوانەی لە دوای ئەوە دێن پەیڕەوی هەمان ڕێچکە دەکەن. "هەموو شاعیرێکی گەورە" جیهانی تایبەت بە خۆی هەیە کە لە جیهاندا هاوشێوەی تر نییە، چونکە ئەگەر هاوشێوەی هەبێ، ئەوە سیفەتی تایبەتمەندبوونەکەی هەڵدەوەشێتەوە. هەر ئەم تایبەتمەندییەیە کە شکسپیر و ئومروئی قەیس و کوڕی ڕۆمی و بوحتەری لێک جیا دەکاتەوە. بە هەمان شێوە هەر شاعیرە و شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە" (المطلبي، ١٩٨٠، ص١٨٥).

ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم دۆخە شیعرییەی سەباح ڕەنجدەر بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە شاعیر لە یەک کاتدا لە "ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو"دا دەژی، واتە دەستبەرداری هیچ کام لە زەمەنە شیعرییەکان نەبووە. بۆیە خاڵێکی نوێکاری لە ئەزموونی ڕەنجدەر دەکرێ بۆ ئەوەی بگێڕینەوە کە زمانی شیعریی سەباح گونجاندنی زمانی کۆن و نوێیە، واتە لە ڕووی زمانەوە "کۆن و نوێ" ململانێیان نییە، وەک چۆن ئەو ململانێیە لە دنیابینیی "کۆن و نوێ"دا بەرجەستەیە. بۆیە ڕەنجدەر بەو ئەزموونە شیعرییەی کە هەیەتی، توانیویەتی "شیلەی زمان" هەڵمژێ بە ساکاری و لە مانایەکی نوێدا دایبڕێژێتەوە. ڕەنگە هەبوونی ئەو خەزێنەیە لە زمان وای کردبێت سەباح ڕەنجدەر پەی نەکەوێ لەوەی چەندین مانیفێستی شیعری بە دنیابینیی نوێ و بە زمانی نوێ بخاتە بازاڕی ئەدەبیاتی کوردییەوە. ڕەنجدەر کاتێک وشە کۆنەکانیش لە فەرهەنگدا دەستەبژێر دەکات، زیاتر ئەو وشانە هەڵدەبژێرێ کە نەسواون و بەهای خۆیان لەدەست نەداوە و زۆریش بە دەمەوە نەبیستراون، ئەم وشانەش شانبەشانی وشەگەلێک دەخاتە کار کە لە کارگەی زمانی دایتاشیون.

**تەوەرەی دووەم: دنیابینیی شیعری نوێ لە نێوان ئەدۆنیس و سەباح ڕەنجدەردا**

هاتنی نوێگەری و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر بونیادی هونەری و زمان و ڕیتمی دەقی شیعریدا هات، هاوکات بوو لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر چێژ و تێگەیشتن و دنیابینیی خوێنەری دەقدا هات. ئەم هۆشیارییە گشتییە هۆکارێک بوو لەوەی شۆڕشێک بەسەر دەقی "تەقلیدی -کۆن"دا بەرپا بکرێ، واتە ئەو دنیابینییەی پێشتر هەبوو بۆ تێگەیشتن و چێژوەرگرتن لە دەقی شیعری، گۆڕانکاریی بەسەردا هات: هەم لە ڕووی زمانی دەربڕین و هەم لە ڕووی چێژوەرگرتن و گوزارشتکردنەوە. واتە ئەوەی پێشتر خوێنەر بە پیرۆزی دەزانی سنووری نەبەزێنێ، ئێستا بە ئاسانی قبووڵی دەکات و تەنانەت قبووڵنەکردنی ڕەت دەکاتەوە. سەباح ڕەنجدەریش بەم ڕیتمە چاوی بڕیوەتە خوێنەری نوێ بۆ دەقەکان، خوێنەرێک کە لە بەرگی تەقلیدی خۆی داماڵێ، بەڵام بە ڕێزەوە لە ڕابردوو بڕوانێت: "زمانی کەموێنەی دەسەڵاتداری شیعری کلاسیکی منی بە کێشی ناو چەقی زەمینەی بەپیت و هەوایەکی نوێ کرد، ئەزموونی خۆی لە ئامادەبوونێکی ڕۆشن و سروشتیی پڕ ڕەنگتر پێ تاقی کردمەوە" (ڕەنجدەر، ٢٠٠٤، ل٢٥). هەر لە هەمان لاپەڕەدا جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە وا "شاعیری هاوچەرخ لە ناو زمانی شیعری کلاسیکی قاڵ نەبوویێتەوە، بڕاییبڕ ناگاتە هیچ سەرکەوتن و پێشکەشکردنێکی هۆشمەندانەی زمانەوە" (ڕەنجدەر، ٢٠٠٤،

ل٢٥). سەباح ڕەنجدەر هێندە بە زمانی کلاسیک سەرسامە، بۆیە هەر بەوە ناوەستێ کە سیحری زمانی زەمەنی کلاسیک بخاتە سەرووی زمانی زەمەنی هاوچەرخەوە، بەڵکوو دوورتر لەوەش دەڕوات و ئەو پێی وایە زمانی ئێستای شیعر سەرباری هەموو ئەو قۆناغانەی بڕیویەتی، بەڵام هێشتا نەگەیشتووەتە ئاستی ئەوەی تایبەتمەندیەتی وەک زمانی شیعری کلاسیک بۆ خۆی پەیدا بکات. بۆیە بە لای ڕەنجدەرەوە "قۆناغی شیعری کلاسیک تا ئێستاش تاقانەی ڕۆشنبیریی کوردییە" (ڕەنجدەر، ٢٠٠٤، ل٤٠). واتە ئەوەی سەباح ڕەنجدەری لە هاوچەشنەکانی خۆی جیا دەکاتەوە ئەوەیە سەباح ڕەنجدەر نوێگەری بە کودەتاکردن نازانێ، بە جۆرێک پشت لە ڕابردوو بکرێ و ئەوەی هەیە سەراوژێر بکرێ، وەک چۆن ئەدۆنیسی گەورەشاعیری عەرەب لێ دەڕوانێ و پێی وایە کە پێویستە "خوێنەر هەموو بەها ستاتیکییە بۆماوەکان فەرامۆش بکات و بەدوای شتی نوێتردا بگەڕێ، بە جۆرێک شاگەشکەی بکات و لە بەرگی کۆن دابماڵێ و تووڕی داتە دەرەوەی خۆی. خوێنەر ئەوەیە ڕووبەڕووی سیاسەت و دامەزراوەکانی، ئایین و دامەزراوەکانی خێزان و دامەزراوەکانی کەلەپوور و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە و...؛ خاپوور بکات، ئەوەش لە پێناو دروستکردنی مرۆڤێکی عەرەبی نوێ" (ادونیس، ١٩٨٦، ل٧٤). واتە ئەگەر لای ڕەنجدەر پێوەر و بەهاکان درێژەپێدەری یەکتری بن، ئەوەی لای ئەدۆنیس پێوەر و بەهاکان بە شێوەیەکن کە چاوەڕوانکراو نین و مەزەندەنەکراویشن، چونکە بە لای ئەدۆنیسەوە "شاعیر ئەو کەسەیە شتێک پێشکەش خوێنەر بکات کە پێشتر نەیزانیوە. لە ماڵی بیرەوەری دەربهێنێ و تووڕی داتە ناو پرۆژە و بزووتنەوەیەکی دامەزراوەیی" (ادونیس، ٢٠٠٥، ل٢٩٥-٢٩٦). کەچی لە لای سەباح ڕەنجدەر ئەم هاوکێشەیە پێچەوانە دەبێتەوە، واتە ئەم وەکوو ئەو پشت لە ڕابردوو ناکات و ڕەشی بکاتەوە، بەڵکوو تەوزیفی سەر داهێنانی هاوچەرخی دەکات. "ترپە و ئاوازی داستان پێویستییەکی بنەڕەتییە بۆ نوێبوونەوە و سەرچاوەیەکی ڕوون و پڕ بەهرەیە بۆ بەدەستهێنانی 'پەنجەمۆر'ی سەربەخۆیی داهێنان" (ڕەنجدەر، ٢٠٠٤، ل٢٣١).

هەر لێرەشەوە بەردەوام لە لایەن ڕەخنەگرانەوە ئەو ڕەخنەیە ئاڕاستەی شیعری "تەقلیدی - کۆن" دەکرێ، کە مانایەکی دیکە بە شیعر ببەخشن و دونیابینییەکی دیکە بدرێتە ڕۆڵی شیعر، بە مانایەکی دیکە شیعر لە بابەتە تەقلیدییەکان پەیوەست بە سیاسەتی کۆمەڵایەتیی کۆن دەربازی بێت، شیعر بگەڕێنرێتەوە بۆ ڕەگەزە سەرەتاییەکانی خۆی، "وشە، مۆسیقا، وێنە، تاوەکوو لەو ڕێگەیەوە ڕووبەڕووی جیهانی نوێ و کێشەکانی بە بونیادێکی نوێ ببێتەوە، گوزارشت لە پرسە نوێیەکان بکات" (ادونیس، ١٩٨٠، ل٢٩٥-٢٩٦).

خوێنەری تەقلیدی کاتێک دەقی شیعری دەخوێنێتەوە، وەک ئەوە نایخوێنێتەوە کە ئەمە دەقێکی سەربەخۆی دنیایەکی ئازادە و زمان و پەیوەندی و ڕەهەندی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵکوو هەر لەو ڕوانگەیەوە وەریدەگرێ کە لە چوارچێوەی ئەو دەقە و ناوەڕۆکیدا چ پەیامێک هەیە جەختی لە سەر کرابێتەوە یان ڕەت کرابێتەوە. واتە خوێنەر خۆی ڕادەستی دەقەکە دەکات و دەقەکە ئاڕاستەی دەکات، وەک ئەوەی دۆکیۆمێنتێک یان مانیفێستێکی ئایینی بخوێنێتەوە، بەڵام خوێنەری شیعری نوێ وەک لێکۆڵەر و پشکێنەرێک دەچێتە دەم خوێندنەوەی دەقەکەوە. دەگەڕێ بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەی تینوێتیی دەشکێنێ. کەچی "خوێنەری تەقلیدی لە جیاتیی ئەوەی خۆی بەهانای شیعرەکەوە بچێت، چاوەڕێ دەکات شیعرەکە بەهانایەوە بێت و بە ئامادەکراوی ماناکانی پێ ببەخشێ. پێویستیشە بە ئاسانی و ڕوونی بێت، ئەگەرنا دەقنووس بە تەمومژاوی تۆمەتبار دەکات. بۆیە بابەتی ڕەخنەش بەردەوام یان ستایشکردنە یان ستایشنەکردنە، کەسی بێتاوانیش بەردەوام خوێنەرە" (ادونیس، ٢٠٠٥، ل٥٧).

لە سەردەمی نوێگەریدا دیارترین کێشە: ململانێی نێوان شاعیر و خوێنەرە. پێشتریش وەک ئەدۆنیس جەختی لە سەر کردبوویەوە، "ئەو پرسیارە ئاڕاستەی ئەبو تەمامی شاعیری گەورەی عەرەب کراوە کە بۆچی شتێک دەنووسێ کە تێناگەین، ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ: بۆچی شتێک تێناگەن کە دەوترێ...؟ لێرەدا پرسیارەکە دەچێتە خانەی تەقلیدەوە و وەڵامەکەی ئەبو تەمامیش دەچێتە چوارچێوەی نوێگەرییەوە. بنەمای کێشەکە تۆمەت خستنە

پاڵ ئەبو تەمامە لەوەی خوێنەر ماندوو دەکات، چونکە خوێنەر پێشتر وا لێ ڕاهاتبوو کە گوێبیستی شیعر بێت؛ یەکسەر لێی حاڵی بێت، وەک چۆن لە گۆرانییەک یان قسەیەکی ئاسایی حاڵی دەبێت. وەڵامەکەی ئەبو تەمامیش ئەوە دووپات دەکاتەوە کە تەمومژ و تێنەگەیشتن لە دەقە شیعرییەکەدا نییە، بەڵکوو لە خودی خوێنەرەکەیە کە شێوازێکی دیاریکراوی بۆ تێگەیشتن و چێژوەرگرتن و گوزارشتکردن بۆ خۆی دیاری کردووە، کەچی کاتێک ڕووبەڕووی شێوازێکی دیکە دەبێتەوە، شتەکانی لێ تێکەڵوپێکەڵ دەبێ. بۆیە بۆ ئەوەی لە شێوازە نوێیەکە حاڵی بێت، پێویستە ڕێگە کۆنەکەی خۆی بگۆڕێت. لە جیاتیی ئەوەی خۆی تۆمەتبار بکات، ئۆباڵەکە دەخاتە ئەستۆی شاعیرەکەوە" (ادونیس، ٢٠٠٦، ل٢٥٠-٢٥٩). کەواتە پێویستە هەردووک لا ئەو ئەرکە بەئەستۆوە بگرن، ئەمەش کاتێک بەدی دێ کە خوێنەر ئاستی ڕۆشنبیریی خۆی بەرز بکاتەوە بە جۆرێک تاقەتی بەسەر شکاندنی کۆدەکانی دەقی شاعیردا هەبێت، چونکە وەک چۆن ئافراندن پرۆسەیەکی پڕ زەحمەتە بۆ شاعیری ئافرێنەر، ئاوهاش پێویستە خوێنەر بەشێکی لەو زەحمەتییە بەر بکەوێ، تاوەکوو لە دنیابینیی شاعیرەکەوە نزیک بێتەوە، لە لایەکی تر ناکرێ ئەوە وەکوو ڕەخنەیەکی ڕووخێنەر ئاراستەی خودی شاعیر یان خوێنەری تەقلیدی بکرێت، چونکە هەریەکە لە شاعیر و خوێنەر لە زەمەنێکی دیاریکراو لەگەڵ جۆرە تێگەیشتنێک ڕاهاتبوون کە جیاوازیی ڕیشەیی لەگەڵ زەمەنی نوێگەری و جۆری تێگەیشتنی ئەم زەمەنەدا هەیە. واتە مەرجەکانی ژیان و دۆخی ڕابردووی ئەوان ئەو واقیعی تێگەیشتنەیان کردبووە دیفاکتۆ، بەڵام ئەم تەرزە لە تێگەیشتن بە تێپەڕبوونی کات ئەویش گۆڕدرا، بۆیە خوێنەری ئێستای دەقی شیعری نوێگەرا پێویستە هەموو ڕۆشنبیریی خۆی کۆ بکاتەوە و وزەی هەست و نەستەکانی بۆ درککردن بە پەنهانیی ڕەهەندەکانی شیعر بخاتە کارەوە. ئەوکات لە پاڵ ئافراندنی شاعیر، ئافرێنەرێکی دیکەی خوێنەر دێتە مەیدانەکەوە و دەقەکە ئەوەندەی تر لە سروشتی خۆی دەوڵەمەندتر دەکەن. بەم جۆرە شیعری نوێگەرا وەک "پەیامێکی ئاسمانی نەما کە ئاراستەی خوێنەر بکرێت، وەک گوتارێک یان ئامۆژگارییە، بەڵکوو دەق بووە ئۆرگانیزە، بەشداریکردن، وەک چۆن ئافرێنەر گۆڕانکاریی بەسەر هزریدا نەهێنێت، ئەوە ناتوانێ خۆی ئۆرگانیزە بکات تەنها لەگەڵ ئەو وەرگرەی کە ئەویش هەمان ڕیتمی گۆڕانکاریی گرتووەتە بەر، یان بە کردار یان بە هزر، چونکە وەرگریش ئافرێنەرێکی دیکەیە" (ادونیس، ساڵی چاپی لە سەر نییە، ص٢٤٨). بۆیە ئەوانەی خواستی دەقی شیعری دەکەن، "پێویست دەکات ڕۆشنبیرییەکەشیان هونەری و شیعرئامێز بێت، تاوەکوو چێژوەرگرتنەکەشی پرۆسەیەکی ئافراندن کاری بێت، نەوەک پرۆسەیەکی بەکاربەر" (ادونیس، ٢٠٠٥، ص٢٤٨). بە گشتی لێرەدا چ شاعیر چ وەرگر بەشدار دەبن لە پرۆسەی ئافراندن، چونکە وەک چۆن شاعیر خودان دنیابینیی خۆیەتی، خوێنەریش بە هەمان شێوە لە دەلاقەی جیهانبینیی خۆیەوە لە دەقەکە دەڕوانێ و خوێندنەوەی نوێ بە ڕەهەندەکانی دەق دەبەخشێ و سەرلەنوێ بەشدار دەبێ لە پرۆسەی بونیادنانەوەی دەقدا. ئەم هارمۆنیەتەش لە خستنەکاری کۆگای ڕۆشنبیریی "شاعیر و وەرگر" مەبەستی خۆی ناپێکێ ئەگەر خۆیان لە زمانی لەقاڵبدراوی پێشینە دەرباز نەکەن. هەر لێرەشەوە زمان ڕاهات لەگەڵ گوتنی ئەو شتانەی کە فێری نەبووبوو بیدرکێنێت. بە جۆرێک زمان پێشتر لە شیعری "تەقلیدی - کۆن"دا وشەکانی ئەبستراکت کردبوو لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا، بەڵام زمان لە زەمەنی نوێگەریدا بەدوای چێژی وشەکاندا گەڕا، ئەو کۆتوبەندەی تێک شکاند کە پێی وابەستە بوو، ئەوەش ڕەنگدانەوەی بەسەر فۆرم و ناوەڕۆکی دەقی شیعریدا هەبوو. بە ئەندازەی خوێندنەوەکانی وەرگر مانای بەخشی و دەلاقەی ڕەهەندەکانی شیعری فراوانتر بوون. واتە لە جیاتیی ئەوەی دەقی شیعری بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە بدات و مانا و ڕەهەندێکی دیاریکراو ببەخشێ، ئەم جارەیان دەقی شیعری چووە قاڵبی تەمومژی و کۆدەکانی بە ئاسانی خۆیان بەدەستەوە نەدا. ئەم خۆبەدەستەوەنەدانەش بووە بە ڕەگەزێکی چێژوەرگرتن لای وەرگر، تاوەکوو بە تەشویق و تامەزرۆییەوە بگات بە مەبەستی شاراوەی دەقی شاعیر، یان وەک ئەدۆنیس دەڵێ: "نامۆ هەمیشە جوانە"

(ادونیس، ١٩٨٠، ص١٩). وەک باویشە، شتی نامۆ بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات. کاتێکیش بەدوای سەرچاوەکەیدا دەگەڕێ و کۆدەکەی دەکەیتەوە، ئەوکات چێژی زیاتر لە ناسینی دەبینی. مەرجیش نییە ئەو چێژوەرگرتنە بەو مانایە بێت کە تەواوی ماناکانی دەقەکە کەشف بکرێ و شتێکی دیکە لە دوای ئەوە نەمێنێ، بەڵکوو لە دەقی شیعریی نوێدا، وەک ئەدۆنیس جەختی لە سەر دەکاتەوە: "ئیستاتیکای دەقی نوێی شیعری ئەوە نییە کە وەڵامت چەنگ بکەوێ، بەڵکوو پرسیارە لە بریی پرسیاری دیکە، یان ئەوە گرنگ نییە کە لە خوێندنەوەی دەقدا بەدوای وەڵامدا بگەڕێن، بەڵکوو ئەوە گرنگە ناوچەکانی تەمومژی و دوور لە یەقینەکان دیاری بکەین، تاوەکوو لەو ڕێگەیەوە پرسیاری نوێ بخولقێنین، لێرەشەوە شیعر بنووسین و بخوێنینەوە، گوتەی تێگەیشتنیش بە ڕامانکردن بگۆڕینەوە. کەواتە پرسەکە ئەوە نییە لە شیعرەکە تێبگەین، بەڵکوو گرنگتر ئەوەیە لە ڕەهەندەکانی ڕابمێنین، ئەوە نییە کە ئیستیعابی بکەین، بەڵکوو شانبەشانی بڕۆین، بەم جۆرە جائیز نییە کە دەقەکە دێڕ بە دێڕ بخوێنینەوە، بەڵکوو پێویستیشە بەو شێوەیە بیخوێنینەوە وەک ئەوەی بۆشایی ئاسمان دەخوێنینەوە" (ادونیس، ١٩٨٥، ص٣١٤).

بەو تێگەیشتنەی ئەدۆنیس بێت، کەواتە دەقی نوێگەرا جۆرە دەقێکە کە هەرگیز واتایەکی دیاریکراو یان بیرۆکەیەکی مەبەستدار و مانایەکی دەستنیشانکراو نادات بەدەستەوە، بەڵکوو هێندەی چەند جارەی خوێندنەوەکان و خوێنەرەکانی مانا بەخۆیەوە دەگرێ، فەزایەکە و خوێنەر دەتوانێ لە بۆشاییدا قووڵ بێتەوە و مانای هەڵێنجێ و کۆدی زیاتری دەقەکە بکاتەوە. ئەم دنیابینییەی لای ئەدۆنیس هەیە، هەمان دنیابینیی شیعری لای ڕەنجەدەری شاعیریش بۆ دەقی شیعریی نوێگەرا بەدی دەکرێ. ئەگەر ناوی لێ بنێین کاریگەربوون، ئەوە بەهەڵەدا نەچووین، چونکە لە ڕووی زەمەنەوە ئەدۆنیس بەر لە ڕەنجدەر ئەو ئەزموونەی بینیوە و وەک چۆن بەر لە ئەدۆنیس خەڵکانی دیکە ئەم پرسەیان وروژاندووە. بۆ نموونە عەبدولقاهر جورجانی دەربارەی مانا دووپاتی دەکاتەوە "ئەوەی بە لاتەوە جوانترە ئەوەیە کە قەدەغەکردنی بەسەرتەوە زیاتر بوو. سروشتی مرۆڤیش وایە ئەوەی داخوازی بکەی و تامەزرۆی بێ و سۆزی بۆی بجووڵێ...، ئەوە کاتێک بەدەستی دەهێنێ تاموچێژی زیاترە" (الجرجانی، ٢٠٠٦، ل١١٧).

بێگومان بەر لە جورجانییش کەسانی دیکە هەبوون هەمان چەمکیان بە دەستەواژە و مانا و فۆرمی دیکە باس کردبێ، چونکە بە قەناعەتی ئێمە پرۆسەی نوێگەری "دیمومەتی بەردەوامی" هەیە، لە هەر زەمەنە و بە زمان و ستایلێکی نوێ ڕەهەندێکی جیاوازتر مانای پێ دەبەخشرێ و پێناسەی ئافراندنی دەدرێتە پاڵەوە. هەر لە ژێر ڕۆشنایی ئەم باسەوە، بە گشتی دەکرێ ئاماژە بە دوو جۆر لە تێگەیشتن بدەین بۆ دەقی شیعری: "یەکەمیان کۆن، واتە ئەوەی دڵنیایی دەداتە خوێنەری تەمبەڵ، ئەویش خودان شێوازێکی ڕوون و ئاسانە. ئەوەی دووەمیان تێڕوانینی نوێ، کە بانگەشە بۆ پرسیارکردن و نیگەرانی خولقاندن، ئافراندن دەکات، پشت بە شێوازێکی تەمومژاوی و گران دەبەستێت" (الجرجیس، ١٩٧٨، ص١٨، ٢٤).

بێگومان خاڵی ململانێکەش لەوێوە دەست پێ دەکات کە خوێنەری کۆن، یان ئەوەی لەگەڵ شێوازی خوێندنەوەی "کۆن - تەقلیدی" ڕاهاتووە، کاتێک باز دەداتە جیهانێکی نوێ و ناجێگیری نەناسراو، ناتوانێ خۆی لەگەڵ خوێندنەوەی شیعرێکی نوێدا بە ئاسانی ڕابهێنێت، چونکە تێگەیشتن و زمان و دەستەواژە و وێنە و پێکهاتە و ستایلی دەقە نوێیەکەی بە لاوە نامۆیە، بۆیە پشتی تێ دەکات و نایخوێنێتەوە. "شاعیری نوێگەر بەدوای خوێنەری سەردەمیدا دەگەڕێ، خوێنەرێک شانبەشانی شاعیر ماندوو بێت، بەدوای کردنەوەی کۆدەکان و هەڵماڵینی مانا و دۆزینەوەی وێنەکان و لە کۆتاییشدا چێژ لە خوێندنەوەی دەقە شیعرییەکە وەربگرێت. ئەو دەقەی بە حازری نەهاتووەتە ژێر دەستی، بەڵکوو ئەویش پێوەی ماندوو بووە و وەک شاعیر بەشدار بووە لە پرۆسەی ئافراندنەکەیدا. بە واتایەکی دیکە: خوێنەری هاوچەرخ خوێنەرێکی تەنها بەکاربەر نییە، کە لە بەرامبەر دەقە شیعرییەکەدا دەستەوەستان دامێنێ و تەنها وەک بینەر تەماشای فەرمایشت و وەعزەکانی شاعیر بکات، بەڵکوو خوێنەر لە قووڵایی ماناکاندا مەلە دەکات و

بەدوای گەوهەری نوێدا دەگەڕێ. لە جیاتیی ئەوەی هەر بەکاربەر بێت، ئەم جارە دەبێتە بەرهەمهێن و بەشدار دەبێ لە دۆزینەوەی وێنەیەک و مانایەکی دیکە" (عیسی، ١٩٧٥، ل٩). بەم شێوەیە شاعیر و خوێنەر بەیەکەوە لەم گەمەیەدا بەشدار دەبن، چێژ و لەزەتی خوێنەریش ئەوکات دەست پێ دەکات کە خۆی دەبێتە بەشێک لە پرۆسەی بەرهەمهێنان. شاعیریش لە بزووتنەوەی نوێگەریدا بەدوای خوێنەری بەرهەمهێن دەگەڕێ، نەوەک خوێنەری بەکاربەر. سەباح ڕەنجدەر هاوشێوەی سەلیقەی شاعیرانی نوێگەرا، هەر وا کۆدەکانی دەقی شیعری بە ڕووکەشی ناخاتە بەردەم خوێنەرەکانییەوە، تەنانەت ئارەزووی ئەوەش ناکات خوێنەر بەردەوام پرسیاری کۆدەکانی شیعری لێ بکەن، بەڵکوو لەگەڵ خوێنەرێکی زیرەکدایە کە خۆی وەک "دۆزەرەوە - موکتەشیف" بەدوای کەشفکردنی دنیای شیعریی ئەودا بگەڕێن و کۆدەکانی بکەنەوە.

کەواتە خوێنەرێکی هۆشیار و ئەکتیڤ کە بە تواناکانی خۆی کلیلی قوفڵی پەنهانەکانی دەقی نوێ بکاتەوە و لە جیهانی دەقدا مەلە بکات، مەبەستی هەموو شاعیرێکی نوێگەرایە، چونکە ڕەنگە خودی شاعیر ئەوەندەی پرسیار بوروژێنێت، ئەوەندە چارەسەری نەدات بەدەستەوە، ئەرکی خوێنەریش خولقاندنی پرسیارە لەو پرسیارانەی خراونەتە ڕوو. بە گشتی شاعیرانی نوێگەر، ڕەنجدەریش هاوشێوەی ئەوان، خۆیان لە کۆتوبەندی ئەو یاسا و تێگەیشتنانەی سنوور بۆ نووسین دادەنێن دەرباز کردووە، بەڵکوو شۆڕشیان بەسەردا بەرپا کردووە. ئەو ڕێکخستن و دیسپلینەی لە دەقی شیعریدا باو بوو، ئەوان بە فەزای شیعریان گۆڕیوەتەوە.

ئەو ڕوونی و سادە و ساکارییەی بە ناوەرۆکی دەقی شیعری ئاشکرا بوو، ئەوان بە تەمومژ و خۆنەدانە دەستی شیعریان ئاڵوگۆڕ پێ کردووە. ئەوەی لە ناوەرۆکی دەقدا مەئلوف بوو، ئەوان نامەئلوفەکەیان لێ هەڵبژاردووە. بۆیە بە لای خوێنەری سادەوە ئەم دەقە شیعرە نوێیە ئاسایی نییە و لەگەڵیدا دەرناچن، مەگەر خوێنەری زیرەک نەبێ کە زیاتر چێژ لەو تەمومژی و ناڕوونییە وەردەگرن. هەر لە سەر ئەم بنەمایانەشە ڕەنجدەری شاعیر لە مانیفێستەکانی موخاتەبەی خوێنەران دەکات و هەڵوێستی تایبەتی خۆی دەربارەی دنیای شیعری نوێ بەیان دەکات. واتە ڕەنگە ڕێگەی گەیشتن بە مەبەستی شاعیر و ئەو پرسیارانەی دەربارەی دنیابینی خستوویەتیە ڕوو، بە ڕێگەیەکی بێ کەندولەند تێپەڕ نەبێ، بەڵکوو بە ناو تونێلێکی سەخت و تاریکدا ڕێ ببڕێ، بەڵام گەیشتن بە قووڵایی ئەو تونێلە، ڕەنگە گەیشتن بێت بەو زێڕ و گەوهەرانەی کە لە تام و چێژی شیعریدا ڕەنگ دەداتەوە. کەواتە گەیشتنە کۆتایی تونێلەکە پەیوەستە بە توانای خوێنەرەکەوە خۆی کە چەندە دەتوانێ بە قووڵایی ئەو تونێلە ڕێگە ببڕێ، زیاتر هەگبەی گەوهەری خۆی پڕ بکات، بە ڕادەیەک ڕەنگە لە خاوەن تونێلەکەی زیاتر بەر بکەوێت، چونکە سروشتی دەقی نوێی شیعری وەک کارگەیەکی بەرهەمهێنانە، چەند زیاتر کار بکات؛ ئەوەندە زیاتر بەرهەم دەهێنێ، واتە گرنگ لەکارنەکەوتن و بەردەوامیبوونە.

لەم شیکردنەوە کورتەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە وا ڕاستە خوێنەری ئاسایی خێرا دەستبەرداری خوێندنەوەی دەقی شیعریی نوێ دەبێ، چونکە لە سەر شێوازێکی کۆن ڕاهاتووە و ئەو گۆڕانکارییەی بە لاوە قبووڵ نەکراوە، بەڵام خوێنەری هۆشیار ئەو تەمومژەی دەقی نوێ زیاتر سەرنجی ڕادەکێشێت، تاوەکوو زیاتر قووڵ بێتەوە و بەدوای وەڵامی پرسیارەکان و خولقاندنی پرسیاری نوێدا بگەڕێت. بە واتایەکی دیکە: خوێندنەوەی دەقی نوێی بە لاوە چێژبەخش دەبێت، چونکە لە ناو فەزایەکی شیعریدا مەلە دەکات کە پێشتر لەگەڵیدا ڕانەهاتبوو، واتە جۆرە ململانێیەکە کە دۆڕاندنی تێدا نییە، لەبەر ئەوەی هەر خوێنەرێک بەو ئەندازە لە ململانێیەکە بەردەوام دەبێ کە لە هەگبەی هێزی خۆیدا هەڵیگرتووە. بەهێزی و بێهێزیی جیاوازییان لەوەدایە کە بەهێزەکە لە ڕۆیشتنی قووڵبوونەوەی تونێلەکە بەردەوام دەبێ، بێهێزەکەش لەو شوێنە پشوو دەدات کە هەگبەکەی "زانیارییەکان"ی کۆتاییان دێ و توێشووی ڕێگەی پێ نامێنێت.

**ئەنجامەکان:**

١. زمـان لایەنێکـی هـەرە گرینـگ و بنەڕەتییـە لـە شـێوازی گەمـەی شیعرنووسـیی سـەباح ڕەنجـدەردا.

٢. ئەزموونـی شـیعریی سـەباح ڕەنجـدەر بـەو تازەگەرییـەی لـە زمانیـدا بەرجەسـتەیە، تەنیـا گۆڕانکاریـی لـە شـیعری خۆیـدا نەکـردووە، بەڵکوو خزمەتـی بـە شـیعری شـاعیرانی دیکەش کـردووە.

٣. گوزارشـتکردن لـە زمانـی شـیعریی سـەباح ڕەنجـدەر ئاسـان نییـە، چونکـە ئـەو شـاعیرە هـەر لـە مانیفێسـتەکانی خـۆی لـە شـاعیرانی تـر جیـا نەکردووەتـەوە، بەڵکـوو لـە ڕووی چەمکـی بەکارهێنانـی زمانیـش لـە شـاعیرانی هاوجیلـی خـۆی جیاوازتـر دەنووسـێت.

٤. زمانـی شـیعریی سـەباح رەنجـدەر تێکەڵەیـەک لـە هـەردوو جـۆری شـیعری کلاسـیکی و نـوێ بەخۆیـەوە دەگرێـت.

٥. تایبەتمەندیـی داهێنانـی زمانـی شـیعری لای ڕەنجـدەر لـەوەدا دەردەکەوێـت کـە بـە بەردەوامـی وشـەیەک بـەکار دەهێنێـت زیاتـر لـە واتـا و دەلالەتێـک ببەخشـێت.

٦. ئەدۆنیـس چ وەک مێـژوو، چ وەکـوو ئەزموونـی شـیعریی نـوێ، چەندیـن هەنـگاو لـە پێـش سـەباح ڕەنجدەردایـە، بۆیـە کاریگەریـی تـەواوی بەسـەر ئـەوی دووەمیـان جـێ هێشـتووە.

٧. دنیابینیـی زمانـی شـیعری لـە لای "ئەدۆنیـس و ڕەنجـدەر" لـە ڕووی بەخشـینی واتـای شـیعرییەوە هاوبەشـن، بـەو مانایـەی هەردووکیـان خـودان فەرهەنگێکـی شـێوازی زمانـی شـیعریی تایبـەت و دەوڵەمەنـدن، ڕەنگـە هـەر لـە دەربڕینـی جـۆری زمانـی نووسـینی دەقـە شـیعرییەکاندا جیـاواز بکرێنـەوە.

سەرچاوەکان


سەرچاوە کوردیەکان:

١. ئەمیـن محمـد دلێر، ئەحمـەد محەمـەد ڕەشـید، ٢٠١٩، زمانـی شـیعری یاخیبـوون لـە دیوانی "ئێستا کچێک نیشتمانمە"ی شێرکۆ بێکـەس، تێزی دکتۆرا.

٢. ڕەنجـدەر سـەباح، ٢٠١٩، چـوار کتێـب لـە بـارەی شیعرەوە، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ڕۆشـنبیری، هەولێـر.

٣. صلێوە هاوژیـن، د. دەریـا جەمـال حەوێـز حەوێزی، ٢٠١٩، سـتاتیکای زمانـی شـیعری لـە دیوانـی "مۆسـیقای نامۆیـی"، نامەی ماسـتەر.

٤. مەحمـوود د. ئـازاد ئەحمـەد، ٢٠١٢، بونیاتـی زمـان لـە شـیعری هاوچەرخـی کوردیـدا، چ٢، ئەکادیمیـای کـوردی، ژمـارە١٨٨، چاپخانـەی حاجـی هاشـم، هەولێـر.

سەرچاوە عەرەبییەکان:

١. ادونیـس، علـي احمـد سـعید، ١٩٧٨، الثابـت والمتحـول، صدمـة الحظـارة، دار العـودة، بیـروت، ط١.

٢. الجرجیـس ر.م، ١٩٧٨، الاتجاهـات الأدبیـة، ترجمة: جـورج طرابیشي، لبنان، ط١.

٣. اسـماعیل عیزالدیـن، ١٩٧٨، دراسـات نقدیـة في الشـعر والمسرح والقصـة، دار الرائـد العـربي، بیـروت، ط٢.

٤. ادونیـس (علـي احمـد سـعید)، ١٩٨٠، فاتحـه لنهایـات القـرن، دار العـودة، بـیروت، ط١.

٥. المطلبـي عبدالجبـار، ١٩٨٠، مواقـف في الادب والنقـد، دار الرشـید للنـشر، منشـورات وزارة الثقافـة والاعـلام، العـراق، سلسـلة دراسـات ٣٣٣.

٦. احمـد محمـد فتـوح، ١٩٨٤، الرمـز والرمزیـة في الشـعر المعـاصر، دار المعـارف، القاهـرة، ط١.

٧. ادونیـس، علـي احمـد سـعید، ١٩٨٥، سیاسـة الشـعر، بـیروت، دار الاداب، ط١.

٨. ادونیـس، علـي احمـد سـعید، ٢٠٠٥، زمن الشـعر، دار السـاقي للنشر والطباعة، ط١.

٩. المعتـوق احمـد محمـد، ٢٠٠٦، اللغـة العلیـا، دراسـة نقدیـة في لغـة الشـعر، المركـز الثقـافي العـربي، بیـروت، ط١.

٠١. أدونیـس، محمـد بنیـس، أمـین صالـح، قاسـم حـداد، ١٩٩٣، دفاتـر كلـمات، البحریـن، ط١.

١١. تاویرت بشـیر، ٢٠٠٩، الیات الشـعریة الحدیثة عند ادونیس، دراسـة في المنطاقـات والاحـوال والمفاهیم، عالم الكتب، ط١.

٢١. عیـسى فـوزي، ١٩٧٥، النـص الشـعري دالیـات القـراءة، منشـأة المعـارف الإسـكندریة.

٣١. عبدالقاهـر الجرجـاني، ٢٠٠٦، اسرار البلاغـة، مراجعـة عرفـان مطرجـي، مؤسسـة الكتـب الثقافیـة للطباعـة والنـشر والتوزیـع، بیروت، لبنـان، ط١.

٤١. فاضـل جیهـاد، ١٩٨٤، قضایـا الشـعر العربـی المعـاصر، دار الشروق، بیروت، ط١.

٥١. كوهیـن جـون، ١٩٨٥، ت: احمـد درویـش، بنیـة اللغـة الشـعریة، مكتبـة الزهـراء، القاهـرة، ط٢.

١٦. كوهیـن جـون، ٢٠٠٠، ت: احمـد درویـش، النظریـه الشـعریه، دار غریـب للنـشر والتوزیـع، القاهـرة.

٧١. مشـلاف عثمان، ٢٠٠٠، الصورة والرمز في الشـعر العربي المعاصر باقطار المغرب، منشـورات التبین، الجاحظیة سلسـلة دراسات الجزائریة.

## ملخص:

إن لغـة الشـعر التـي نتحـدث عنهـا ليسـت لغـة غريبـة يسـتمدها الشـعراء مـن عـالم آخـر غـير ، وإنمـا هـي لغـة يسـتوحيها الشـاعر مـن نفسـه. أن الشـاعر يتعامـل مـع اللغـة تعامـل ذاتي بحيـث يجعلهـا تتجـاوز اطارهـا المالـوف. مـن خـلال مـا توصلنـا اليـه كتحصيـل لدراسـتنا هـذا، لـكل لغـة خيالهـا وجماليتهـا الخاصـة بهـا ولـكل تـراث صـوره ورمـوزه وايحاءاتـه. مـن الشـعراء صبـاح رنجـدر التـي لديـه كل مـا يميـز تجربتـه (قليـلا او كثـيرا) عـن الشـعراء الاخريـن مـن جيلـه او ماسـبقه، وقـد تأكـد لنـا، بالملمـوس مـن خـلال الدراسـة، مـدى جمعهـا الموفـق بـين التعبـير اللغـوي عـن همـوم الواقـع ومظاهـره واختلالاتـه، وبـين التعبـير عـن مواقـف الـذات وإحساسـاتها وتطلعاتهـا، جمعـا املتـه العلاقـة الجدليـة بـين الـذات والموضـوع.. مـن هنـا اسـتنتجنا بـان القـول بـان الشـاعر صبـاح رنجـدر لديـه الخصوصيـة التـي تمكنهـا. ويمكـن رسـم هـذا الخصوصيـة وتجسـيدها في اللغـة الشـعرية لديـه حتـى اشـكلت عليـه صـور القصائـد، ومـن ثـم اصبـح مدخـلا الى فلسـفة في مدلولاتهـا الانسـانية. و بالمعنـى نفسـها نجـد اللغـة عنـد ادونيـس ذا خصوصيـة، بحيـث أن هويـة النـص الشـعري لا تتحـدد إلا مـن خـلال اللغـة الشـعرية، فالعمـل الشـعري يتمثـل في كونـه لغـة شـعرية أولا، ومـن ثـم يكـون عمـلا جماليـا، مـما يعنـي أنـه عمـل لغـوي وجـمالي.

مفتاح البحث: لغة ، رؤيا ، أدونيس ، نص شعري ، صباح رنجدر

# Conclusion

The language of poetry that we are talking about is not a strange language that poets derive from another world, but rather a language that the poet draws from himself. The poet deals with the language as a self-dealing that makes it go beyond its familiar framework

Through what we have reached as a result of our study, each language has its own imagination and aesthetics, and each heritage has its own images, symbols, and revelations. One of the poets, Sabah Rangdar, has everything that distinguishes his experience (little or much) from other poets of his generation or earlier, and it has been confirmed to us, concretely through the study, the extent of its reconciling combination between the linguistic expression of the concerns of reality, its manifestations, and its imbalances, and the expression of the self's attitudes and feelings. Its aspirations are all dictated by the dialectical relationship between the subject and the object.

From here we concluded that saying that the poet Rangdar has the privacy that enables it. This privacy can be drawn and embodied in his poetic language until the images of poems were formed on him, and then it became an introduction to philosophy in its human meanings...

:Search key

The language of "Adonis's vision," a "poetic text," by Sabah Ranjdar